# سەرانی کورد هەمیشە بە کڵاوی نوێوە دەگەڕێنەوە کوردستان

**ئەمجەد شاکەلی**

سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، نەک هەر ئەوڕۆ بەڵکە بە درێژایی دیرۆکی کورد، لە هیچ دانوستاندن و گوتوبێژێکیدا لەتەک نەیارانی کورد و داگیرکارانی کوردستاندا، سەرکەوتوو نەبووە و هەرگیز نەگەیشتووەتە ئەنجامێک، کە سەدلەسەد و بێ هیچ دوودڵییەک ئارەزوو و خواستەکانی گەلی کورد وەدی بهێنێت. هەمیشە بەشێکی داخوازییەکانی کورد، جێبەجێ نەکراون یا بۆ دواتر وەدوا خراون، کە لە ئەنجامدا هەر پشتگوێ خراون. هۆکارگەلێکی سەرەکی خاپاندنی سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد لە تەواوی ئەو دانوستاندنانەدا، بێجگە لە نەبوونی زانیارییەکی تەواو و ورد و بە ژمارە و ئامار و نەخشە و... لەمەڕ تەواوی کردەوەکانی لایەنی بەرانبەر و خواستەکانی کوردەوە، پشگوێخستنی خەڵکی کورد بووە لە لایەن سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردەوە. لە هیچ گوتوبێژێکی کورد و داگیرکارانی کوردستان و کورد و لایەنە بیانییەکاندا، خەڵکی کورد لە وردەکارییەکانی ئەو گوتوبێژانە ئاگادار نەکراوەتەوە و هەمیشە پەرەوێزێنراوە. پرس بە خەڵکی کورد نەکراوە و بۆچوون و ڕای خەڵکی کورد وەرنەگیراوە. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، ئیدی ئەگەر تەنێ یەک کەس بووبێت یا چەند کەس و چەندە پارتییەک، هەر خۆبەخۆ، چوونەتە مەیدانی گوتوبێژەوە و بۆ خۆیان لە هەمبەر لایەنەکانی ناکورددا ڕوونیشتوون، بێ ئەوە دەنگی خەڵکیان وەرگرتبێت و بێ ئەوەی بزانن خەڵک چۆن دەنۆڕێتە ئەو کارە. لەگەڵ هەر نیزیکبوونەیەکی سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد لە داگیرکارانی کوردستان و دەسەڵاتدارانی حوکوومەتی نێوەند و لەگەڵ هەر سەردانێکیان بۆ بەغدا و لەگەڵ دانوستاندنێکیاندا، دڵی میلیۆنان کورد دادەخورپێ و دێتە لەرزین و هەموو وێکڕا هەناسە لەخۆ دەبڕن و چاوەنۆڕی ئەوەن، سەرانیان هەڵەیەک نەکەن و سازش لە سەر خواستەکانیان نەکەن، لێ هەردەم بە پێچەوانەوەیە و و هەردەم سەرانیان ئەگەر شەقاوێک بیانبەنە پێش، دە شەقاو دەیانگێڕنە دواوە. هەواڵ و دەنگۆیەکی لە ژوور و ڕاڕەوە داخراوەکانی جێ جڤینەکانی سەرانی کورد و سەرانی عیراق لە بەغداوە دەگاتە خەڵک و دزە دەکات و دەدەرێت، مژدەی خۆش و پەیامی باش بە خەڵکی کورد ناگەیەنێت.

عیراقێکی دەیانەوێت دروستی بکەن، ئایینی فەرمیی تێیدا ئایینی ئیسلام دەبێت و سەرچاوەی سەرەکی قانوونیش تێیدا هەر ئایینی ئیسلام دەبێت. هەر دەوڵەتێک بەرگێکی ئایینی بەبەردا کرا و قانوونەکانی هەموو لە ئایینەوە وەرگیران ، ئیدی ناکرێ نێوی دیموکراتی و فرەیی لێبنرێت و پێچەوانەی هەموو تازەگەری و گۆڕانێکە. وا پێدەچێت سەرانی کورد بەو مەرجە قایل بووبن. قایلبوونیان بەو مەرجە سازشە و هیچی دیکە.

پرسیی دابەشکردنی سامانی سروشستیی وڵات، کە بە پلەی یەکەم بۆ گەلی کوردستان نەفتە، کە یەکێکە لە پرسە هەرەگرنگەکان، لەوەشدا سەرانی کورد خەریکن سازش دەکەن. لەوەی کە 5%ی داهاتی ئەو سامانە بۆ ئەو ئوستانە بێت، کە سامانەکەی تێدایە و 60%ی ئەو سامانە بۆ ئەو هەرێمە فیدرالییە بێت، کە سامانەکەی تێدایە و

35%ی سامانەکەش بۆ دەوڵەتی نێوەند(فیدرال)ی بێت، کە باشووری کوردستان بە گوێرەی ئەوە دەبێتە خاوەنی 65% داهات و سامانی سروشتی خۆی، وا بڕیارە سامانی سروشتی بخرێتە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی حوکوومەتی نێوەندەوە و بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتووانی وڵات و هەر ئوستانێک دابەش بکرێت. بەو پێیەش گەلی باشووری کوردستان، کە لە نێوان 4-5 میلیۆندایە و گەلانی دیکەی عیراق، کە لە نێوان 20-21 میلیۆن و پتردایە، داهاتەکە لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن، کە کوردستان لە باشترین حاڵدا لە 20-25%ی ئەو داهاتەی پتر بەر ناکەوێت، بەوەش جارێکی دیکە سەرانی کورد سازشیان کرد و کورد خاپێنرا.

هەرچی پرسی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیشە، کە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی عیراقدان، چ کارێکی جیدی بۆ نەکراوە و عەرەب وا بە سووک و سانایی، ئەگەر سەرانی کورد هێندە منجەمنجکەر و لەژێرلێوەوەقسەکەر بن، دەستبەرداری نابن. بەندی 58ی قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عیراق، کە سەرانی کورد هێندەی باس دەکەن، تا ئەوڕۆ یەک شتی لێ جێبەجێ نەکراوە. عەرەبی عەرەباندنی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەش هێشتا ماونەوە و وا بە ئاسانییش بە تەما نین ملیان بشکێنن و بڕۆن و هەرگیزیش ناڕۆن ئەگەر بە تۆبزی وەدەرنەنرێن.

پرسی مافی چارەنووس[1]، کە بە گوێرەی قانوونە نێودەوڵەتییەکان مافی هەموو گەل و نەتەوەیەکی جیهانە، لەوە ناچێت سەرانی عیراق و عەرەبی عیراق بۆ کورد بە ڕەوای ببینن و لە دەستووری هەمیشەییدا بینووسن. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، بە پشتئەستوربوون بە ئەنجامی ڕاپرسییەکەی مانگی یەکی 2005، کە پتر لە 98%ی خەڵکی کورد داخوازیی سەربەخۆیی و کوردستانێکی ئازاد دەکەن، دەبوو لەبری 8 ساڵ بۆ ڕاپرسیی لە سەر مافی چارەنووس، 3-4 ساڵێکی دانابا بۆ ئەوەی لە دەستووردا بنووسرێت. بلا چاوێکیان لە خوارووی سوودان، کە هەم ماوەی ڕاپرسییان بۆ مافی چارەنووس و جیابوونەوە لە سوودان کەمتر داناوە و هەمیش تەواوی سامانی سروشتیی وڵاتەکەیان لەگەڵ حوکوومەتی نێوەندا، دەکەنە دوو بەشەوە، کردبا و شتێک لەوانەوە فێر بووایەن.

سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد هەر تەونێک دادەمەزرێنن، مادام پرس بە خەڵکی کوردستان ناکەن و خەڵکی کوردستان ناخوێننەوە و گوێ لە خەڵکی کوردستان ناگرن و ڕێکوڕەوان دانوستاندن و گفتوگۆکانیان ناخەنە پێش چاوی خەڵکی کورد و هەموو پرسە چارەنووسسازەکان ناخەنە نێو خەڵکەوە و نایانکەنە پرسێکی ڕۆژانەی هەموو تاکێکی کورد و هەموو تاکێکی کوردستانیی، ئەوا هەڵدەوەشێتەوە و ڕیسەکانیان لێ دەکرێنەوە بە خوری و گەلی کوردستانیش هەمیشە لە سەر ئەوە ڕاهاتووە، کە سەری سەرانی بە کڵاوی نوێوە ببینێت کاتێک لە بەغدا، ئەنقەرە، تاران یا دیمەشق دەگەڕێنەوە کوردستان.

من بۆ خۆم پێموایە سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، بۆ ئەوەی بێ کڵاولەسەرنان بگەڕێنەوە کوردستان و گەلی باشووری کوردستانیش، بۆ ئەوەی خۆی خاوەنی خۆی بێت، تاکە یەک ڕێگەیان لە بەردەمدایە، ئەویش خۆدابڕینە

---

[1] ماوەیەکە تێرمی"مافی چانووس" لەنێو کورددا و لەکن کوردانێکی "خۆبەڕووناکبیرزان"، گۆڕاوە و کراوە بە "مافی چارەی خۆنووسین". "مافی چارەنووس" لەڕووی زمانەوە وەک ئەوە وایە بڵێین: مافی نانخواردن، مافی ئاوخواردنەوە، مافی قسەکردن، مافی کارکردن، مافی خوێندن، مافی نووسین، مافی ڕادەربڕین. ڕەنگە ئەمە کورداندنی "حق تقریر المصیر"ی عەرەبی بێت، کە وشەی "المصیر" دەکاتە: چارەنووس. کاتێک مرۆڤ باسی چارەنووسی کەسێک دەکات، مەبەستی ئەوەیە ئەو کەسە چی بە سەر هات و گەیشتە کوێ و چ دواڕۆژێکی هاتە پێش، کە ڕێک دەکاتە "المصیر"ەکەی عەرەب.هەرچی "مافی چارەی خۆ نووسین"ە، وەک ئەوە وایە بڵێین: دەمووچاو و ڕوومەت نووسین، واتە: کەسێک ڕوومەت و دەموچاوی خۆی وەک دەفتەر و تەختەڕەش بەکار دەبات و لە سەری دەنووسێت. پێموایە "مافی چارەی خۆنووسین" هەڵەیە و "مافی چارەنووس" ڕاستە.

لەو زیندانە گەورەیەی نێوی عیراقە و کشانەوەیە لە تەواوی ئەوەی نێوی عیراقی پێوەیە و ئەوەی پێوەندی بە عیراقەوەیە و هیچی دی.

2005/8/16